# دەبیٚ نزاکانی دوعا رووەو کویٚ بچن؟

## چنار نامق



بۆچی دەبیٚ بیٚ هەڵویٚست بین لە ئاستی ئەم ستەمانە، بەشیٚك لە ئیٚمە بڕیارمان داوە نەدویٚین، چونکە کیٚشەکە زۆر لەوە قوڵترە بەگوتنی منو تۆ چارەسەر بکریٚت، دەمیٚ گشت بەهاکان کۆچ دەکەن، ویژدان بەرەو پوکانەوە دەچیٚت، لەم زەمانەدا کە پیرۆزییەکان بەرەو گەندەڵ بوون دەچن، گەندەڵی بەهەموو جۆرەکانییەوە، عەقڵی، مادی، یاسایی، کۆمەڵە رەفتاریٚك پەڵەیەکی رەشەو بەنیٚو چەوانی میٚژوومانەوە دەنووسیٚتو مەحاڵە بتوانین ئاسەواری بسڕینەوە، دەبیٚ نزاکانی دوعاو دوعاکان بەرەو کام مەنزڵگا بڕوا ..

گومان لەوەدا نابینم، کە دوعا پاکیزەترین شۆخی ئەم گیٚتیە بووبیٚت، هەروەکو دەگیٚڕنەوە، لەکاتی کوشتنی دوعاو بەردبارانکردنی، بەدەستیٚکی تەنورەکەی گرتبو نەبا تەنورەکە هەڵچیٚتو جەستەی دەرکەویٚت.

لیٚ ئەوان دەیانەویٚت بەبیانووی شەرەفو کەرامەت شەهامەتی خۆیان دەرخەنو پاساو بۆ ئەم کردە دڕندانەیە بهیٚننەوە.

ئەمە یاسای بیٚشەلاٚنەو سروشتی بوونەوەرەکانە، گۆشتی یەکتر دەخۆن، دەم لە خویٚنی یەکتر وەردەدەن بۆ بەرژەوەندی ئەوان لە نەفامیدا ئەم کارە ئەنجام دەدەن، ئەی تۆی مرۆۋ لەپای چیی مرۆڤیٚك دەکوژیت؟

دەبیٚ سەندنەوەی رۆحیٚك چی بەرژەوەندییەکی بۆ تۆ تیابیٚت ئەی پیاو؟

ئەمە سەدەی(21)ە یان عەسری جەهالەت، ویٚڕای دەستەبەربوونی نویٚترین ئامیٚری تەکنەلۆژیا مرۆۋ بلۆك باران دەکریٚتو سوکایەتی پیٚدەکریٚت، چیدی ناڵیٚم دریٚغا، چونکە ئەو هەموو ئەسەفە دەریاکان ناگەڕیٚننەوە، ریٚڕەوی خۆیان، ناشڵیٚم خۆزگە وا نەدەبوو، ئاخر خۆزگە داریٚکە لەوەتەی ناسیومە بەرناگریٚت، بۆ عەسری جەهالەت نەبیٚت، ئیٚستاش باوکانو براکان خاوەن بڕیارن لەسەرچارەنووسی ئافرەتی بەستەزمان، کارگەیشتوەتە ئەوەی لە سەر سەرەتاییترین مافی خۆی بکوژریٚت، وەلە کوشتنیشدا سوکایەتی پیٚدەکریٚت، ئەو شەرەفو ئابڕووەی کە خۆیان باسی دەکەن لەگەڵ بەردبارانکردنداو لە ئەنجامی راکیٚشاندا جلی لەبەرداماڵریٚت، توخوا شەرەف لەکویٚو ئەم کردەیە لەکویٚ، نازانم؟

بیٚگومان لە غیابی یاساکاندا ئەم کردەیە ئەنجام دەدریٚت، جیٚی خۆیەتی بڵیٚم یاساکان هەر بەسەر چینی ژیٚر دەستەدا دەسەپیٚتو بالاٚدەستەکان لیٚی بەدەرنو ئەوانیش خاوەن سەروەری یاساکانن، خۆ ئەگەر یاساو مافی مرۆۋ ویژدانە زیندووەکان بەئاگابن چۆن ریٚ بەم دیاردانە دەدەن.

لەوەتەی شەرەف نوساوە بە جەستەی بەشیٚك بەناو لەنیوەی کۆمەڵەوە نیوەکەی تری بۆی رەوایە بەهەمان کار ئەنجامبداو کەس لیٚی ناپرسیٚو کەسیش ناتوانیٚ پیٚی بڵیٚ لە پشت چاوت برۆ هەیە، نە یاسا توانای بەرگریکردنی هەیە لەکەسو نەلەسەر خەڵکی ستەمدیدەش بە وەلاٚم دیٚت، سەیر نیە کە نەیاتەگۆ، ئاخر یاسا هەڵیٚنجاوی هەمان کۆمەڵگەیەو بە هەمان عەقڵی پیاو سالارانەوە، لە مەسەلەکان دەڕوانیٚ، دریٚغا نەدەبوو ژیانی مرۆۋ هیٚندە بیٚ بایەخ بیٚت،

هەرچەندە عیشق جوانترین پەیمامی ژینە، چیدی ریٚگە بەخۆتان مەدەن عاشق بن، نەبا عیشق بتانکوژیٚ.